# کتێبی پۆلی ساوایان

## بەرگی یەکەم



نووسین و ئامادەکردنی : کەریم دانشیار

سوید – 2003

# کتێبی یەکەم

# بۆ

# پۆلی ساوایان

بەرگی یەکەم

نووسین و ئامادەکردنی

کەریم دانشیار

www.gagesh.com

سوید- 2003

ئەم کتێبۆکەیە پێشکەش بێت بە هەموو منداڵانی وڵاتەکەم.

هەموو لاپەڕەکانی ئەم کتێبە ، بەو مەرجە ئەگەر بۆ کەڵک لێ وەرگرتن بایەخێکیان هەبێت و شیاوی دەکارهێنان ، ئەواماڵی هەموو کەسێکن و هەموو کەس بۆی هەیە و دەتوانێ کەڵکیان لێ وەربگرێت ، بەڵام بۆ فرۆشتن قەت نا!

به ئەوپەڕی ڕێزەوە ـ کەریم دانشیار

یادێک لە چوار ئەستێرەی ورشەداری هەمیشە زیندوو:

نەرمین کەریمی ... نەسرین حەسەن خاڵی

منیرەی مودەڕیسی ... مەعسوومەی سەرهەنگی

تێبینی :

ماموٚستای هێژا !

ئەم کتێبە بۆ منداڵانی پۆلی ساوایان ئامادە کراوە.

مەبەست لەم گوتەیە ، ئەمەیە کە منداڵی پۆلی ساوایان هێشتا خوێندن و خوێندنەوە نازانێ و تەنانەت لە فام و تێگەیشتنی هەندە وێنەیەکیش دا تێدەمێنێت. سروشتییە کە منداڵەکان لەم حاڵەتانە دا چاویان لە دەستی ماموٚستایە. خوێندنەوەی تێکستەکان و دەرخستنی مەبەستی ڕەسم و وێنەکانیش لەلایەن ماموٚستاوە، دەتوانێ ئەو هۆمێدە مەزنەی لێ بکرێت کە منداڵ بتوانێ خۆی وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.

سەرکەوتنتان ئاواتمە.    کەریم

بەڕێزان !

لە وێژە و ئەدەبییاتی کوردیدا باوە و دەڵێ: « دۆ ، بەهانێکە لە بۆ دۆ خوازان» . منیش دڵ گرێدراو بە ناوەڕۆکی مەعنەویی ئەم وتەیە و سەر لە پێناو سەودایەکی هەتا سەر زیندووی پەیوەستی ئیمانم ، هەر کە قەڵەم بە دەستەوە دەگرم و مەیلی نووسینێکم بەمێشکدا دێت ، نووسینم لێ دەبێتە بەهانە و ، قەڵەم ڕێی هەوارگەی یادی ئەو یارانە دەگرێتە بەر ، کە سەر و سەردەمێک سەوداسەری ڕێبازێک بووین و دڵ گرێدراو بە ئەڤینێک. ئەو یارانەی کە مەزن بوون وەک کێو . لێ هەزاران جار جخار کۆی لە دڵم کە بەشێک لە یارانی گیانفیدا وەک دەستەچیلەی ژێر ئاگری گڕکانەکە زۆر زوو سووتان؛ سووتان ، بەڵام کێ بزانێ گڕ و گەرماکەیان بۆ کوێ و بەرەو کوێ چوو؟! ئەوا ئەمجارەکەش من و قەڵەمەکەم هاتووینەتەوە بەر هەوارگەی یادی هەر ئەو یارانە و، ئەم کتێبۆکەیەمان کردۆتە پەساوێک بۆ هەڵبەستنی پردەڵەیەک ڕوو بە شارە دەریای هەراوی یادی یاران. پەساوی ئەمجارم ئەگەرچی کز و کەمدەنگ و بێڕەنگە ، بەڵام چونکە بە هومێدێکەوە ڕوو بەیاران دەچێت ، دەکرێ ئەم هیوایەش هەبێت کە یادی نەرمین ، یادی نەسرین، یادی منیرە ، یادی مەعسوومە و یادی هەموو کیژان و ئافرەتانی گیان بەختکردووی وڵاتەکەم ، وەک گوڵی هەمیشە بەهار ، لەم یادەوەریە دا سەرهەڵبدەنەوە.

دایک و باوکی هێژا!

مامۆستای بەڕێز !

نووسین و ئامادەکردنی کتێبی (ڕاهێنان و پەروەردەکردن)ی منداڵ ، بەتایبەت بۆ پۆلی ساوایان(باخچەی منداڵان) کارێکی ئەوندە سووک و سانا نییە کە تاکێک بتوانێ بیگرێتە ئەستۆ. چونکە کتێبی باخچەی ساوایان هەر وەک کریستاڵێکی بلوورینە و گەلێ گۆشە و لایەن و ڕوخسارەی هەیە. بۆ هەر گۆشە و لایەن و ڕوخسارەیەکی ئەم کریستاڵەش ، تیشکی گۆشە نیگایەکی زانستیانەی پێویستە کە بکەوێتە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکانی. کەواتە تاکە کەسێک ، نەمازا منی یەک تەنی

دەست و پێ سپیلکەی کەم زانا لەکوێ و ئەم گشتە زانستە لە کوێ، کە بۆی دەکار بێنم و بابەتی بە تاقەتی بۆ ڕەجابا بێنم!.. بەڵام لە وڵامدا دەبێ بڵێم ، بۆشایی و نەبوونی ئەم چەشنە کتێبە لە باخچەی منداڵی کوردی دا لێم بوو بە (گڕوو)ی منداڵانە و بەرۆکی گرتم و ئەم کارەی پێکردم.

بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە گرنگەش ، پێشەکی شوێن پێی ئەم چەشنە بابەتانەم هەڵگرت کە لەکتێبخانەی منداڵانی میللەتانی تردا جێیان گرتووە؛ تیشک و تێشوویەک لەوان و کەمێک لە ئەزموونی سەردەمی خوێندکاریم و هەروەها دەسکەوتەکانی تەمەنی مامۆستایەتی و باڵاتر لە هەموویان ، خولیای ئامادەکردنی ئەم کتێبە ، وەک هەوێن، دەرەتانی پێشوە چوونیان بۆ کردمەوە. ماڵی تەکنیکی(ئینرنێت)یش هەزارجار ئاوەدان بێت کە بێدەست و دەستەوەستانی نەهێشتمەوە و بەدەیان وێنە و نیگاری خستە بەردەستم و منیش لێیان ڕانەوەستام و ئەوەندەی بۆم کرا و توانیم ، سەر و گوێم پەڕاندن و ڕەنگ و بۆیەم لێ گۆڕین و مۆنتاژم کردن و کردمنە کەرەسەی شیاوی بابەت و سۆژە و تێکستەکانی ئەم کتێبۆکەیە. بەڵام لە هەمان کات دا هەمیشە ئەم هیوایەشم هەبووە کە پسپۆڕانی کورد یەک بگرن و دەست بدەنە دەستی یەک و بەرهەمێکی ئەوتۆ پێشکەشی منداڵانی کورد بکەن ، کە شیاوی پێشکەش کردنیان بێت . ئەودەم ئیتر پێموایە هەرچی کتێبی بێ پێزی بەر دەم و دەستانە ، لە کۆڵ منداڵی کورد دەبنەوە و ئامانجی هەموو لایەک پێک دێت.

دەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستیم بۆ هەموو لایەک
کەریم دانشیار سوئێد- بەهاری 2003

ـ ئەمەی کە لەم لاپەڕەیە دا دەیبینن،( بەلەم)ی پێ دەڵێین.
ـ بەلەم بۆ گەشت و گەڕانی سەر ئاوی چۆم و دەریا دەبێ.



ـ ئەمانەی خوارەوەش(بەلەم)ن.





ـ ئەم بەلەمە بە ئارەزووی خۆتان ڕەنگ بکەن.



ـ هەر ماڵێک چەند بەلەمی تێدایە ؟

ـ سەیری بەلەمی هەر دووک ماڵەکان بکەن و بزانن ئایا هیچ جیاوازییەکیان لە نێواندا هەیە؟

ـ ئەگەر جیاوازیتان دۆزییەوە ، لە سەر شوێنی جیاوازەکە دا ئەم نیشانەیە (×) دابنێن.





ـ لە سێ بەلەمی خوارەوە، کامیان گەورەترە؟
ـ ئەدی بچووکترینیان کامیانە؟
ـ لە چوارخانەی گەورەکەیان دا ئەم نیشانەیە(+) و لە بچکۆڵەکەیاندا ئەم نیشانەیە (-) د ابنێن.



ـ ئەمەی لە ژێرەوەدا دەیبینن چییە؟
ـ چەند دانەیە؟
ـ لە ماڵی بەرامبەریدا چەند خاڵ داندراوە؟
ـ ئەم خاڵە نیشان دەدات کە یەک بەلەم داندراوە.





ـ لە هەر ڕیزێکدا چەند بەلەم هەیە؟

ـ لە هەر ڕیزێکدا چەند بەلەمان دەبینن ، ئەوەندە خاڵە لە چوارخانەی بەرامبەری دا دابنێن.











- ماشێنی ناو هەر ماڵێک بژمێرن و بۆ هەر ماشێنێک خاڵێک لە چوارخانەی بەرامبەریدا دابنێن.
- ئایا ژمارەی ماشێنی هەموو ماڵەکان وەکی یەکن؟
- لە کام ماڵدا ژمارەی زیاتری تێدایە؟









ـ به وردی سەیری دوو ماڵی ژێرەوە بکەن.
ـ لە هەر ماڵێکدا چەند تراکتۆران دەبینن؟
ـ ئایا لە نێوان تراکتۆری دوو ماڵەکاندا هیچ جیاوازییەکیان هەیە؟
ـ ئەگەر جیاوازییەکەتان دۆزییەوە ، ئەم نیشانەیەی لە سەر شوێنی جیاواز دابنێن. (+)





ـ هەرماڵێک چەند تراکتۆری تێدایە ؟
ـ ئایا تراکتۆرەکانی هەر دوو ماڵەکان چەشنی یەکن؟
ـ ئەگەر جیاوازییەکیان لە نێواندا دەبینن، ئەم نیشانەیە(×) لە سەر ئەو شوێنە دابنێن کە جیاوازییەکەی تێدا دەبینن.





ـ لە هەر ماڵێکدا چەند مۆرە دەبینن، لە چوارخانەی بەرامبەریاندا ئەوەندە خاڵە دابنێن.

ـ ئەمجار سەیری چوارخانەکانتان بکەن و بزانن ئایا ژمارەی خاڵەکانتان لە چوارخانەکاندا یەکسانە؟

ـ لە کام چوارخانە دا کەمترین خاڵتان داناوە ؟

ـ زیادترین خاڵ لە کامە چوارخانە دایە؟



ـ بە وردی سەیری ئەم دوو ماڵانەی ژێرەوە بکەن.
ـ لە هەر ماڵێکدا چەند مۆرە دەبینین؟
ـ مۆرەکان چ ڕەنگێکن؟

ـ ئایا مۆرەکان هیچ جیاوازییەکیان پێکەوە هەیە؟

ـ ئەگەر جیاوازییەکەتان دۆزییەوە ، ئەم نیشانەیەی (×)لە سەر دابنێن.



ـ لە هەر ماڵێکدا چەند مۆرەی تێدایە؟

ـ ئایا مۆرەکان یەک ڕەنگ و یەک شکڵن؟

ـ ئەگەر بە وردی سەیری مۆرەی هەر چوار ماڵەکان بکەن، جگە لە جیاوازیی شکڵ و ڕەنگ ، جیاوازییەکی تریش هەیە ، ئەگەر جیاوازییەکەتان دۆزییەوە ، ئەم نیشانەیەی (×) لە سەر دابنێن.



ـ ئەم کیسەڵە دایکە، چەند بێچوولەی دەگەڵە؟
ـ چەند بێچوولەی لە پێشەوە دەڕۆن؟
ـ چەند بێچوولەی لە دواوە دەڕۆن ؟



ـ ئەم سەگە چەند تووتەڵەی هەیە؟
ـ چەند تووتەڵە لە پێشەوەن و چەندی لە دواوەن؟



ـ سەیری ئەم چوار دارە سێوانە بکەن. هەر دارێک چەندە سێوی پێوەیە ئەوەندە خاڵە لە چوارخانەکانیاندا دابنێن.



ـ کام داریان سێوی زۆرترە؟

ـ کێهە داریان سێوی کەمتر پێوە ماوە؟

ـ لە هەر ماڵێکدا چەند شتی جۆراوجۆر دەبینن ، ناویان بڵێن .

ـ بە وردی سەیری ماڵەکان بکەن و دوو جیاوازیی بچووک بدۆزنەوە و لە چوارخانەی ماڵەکە دا ئەم نیشانەیە(+) دابنێن.



ـ لە هەر ماڵێکدا چەند بەلەمی تێدایە ؟

ـ ئەگەر بە وردی سەیری بەلەمەکان بکەن، لە دوو ماڵان دا دوو جیاوازی هەیە.

ـ جیاوازەکان بدۆزنەوە و لە سەر شوێنی جیاوازەکە دا ئەم نیشانەیە (+) دابنێن.

